# یاسای گێڕانەوەی ئەفسەران بۆ خزمەتی عەسکەری

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بەناوی گەلەوە**
**ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**
**ژمارە بڕیار: ١٨**
**مێژووی بڕیار: ١٩٩٣/٣/١٧**

## «بڕیار»

بەپێی حوکمی برگەی(١) لە ماددەی (٥٦)ی یاسای ژمارە(١)ی سالّی ١٩٩٢ ولەسەر پێشنیازی وەزیری پێشمەرگە وبڕیار لەسەردانی ئەنجوومەنی وەزیران، ئەنجوومەنی نیشتمانیی هەرێمی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی رۆژی ١٩٩٣/٣/١٦ دا بڕیاری دەرکردنی ئەم یاسایەدا:

## یاسای ژمارە(٨) سالّی ١٩٩٣
## یاسای گێڕانەوەی ئەفسەران بۆ خزمەتی عەسکەری

**ماددەی یەکەم:**
هەموو ئەو ئەفسەرانەی لەدوای رێکەوتنامەی ١١/ ئازاری/ ١٩٧٠ وە هەتا راپەڕینی گەلەکەمان لە ئازاری ١٩٩١دا لە ریزی شۆڕشی چەکدارانەی کوردیدا بوون وبەبێ لێ دابڕان تیایدا بەردەوام بوون دەگێردرێنەوە بۆ خزمەتکردن لەوزارەتی کاروباری پێشمەرگەدا.

**ماددەی دووەم:**
خزمەتی ئەو ئەفسەرانەی ماددەی یەکەم دەیانگرێتەوە، بەخزمەتی فیعلی دادەنرێ بۆ مەبەستی زیادەی سالانەو پلە بەرزی وخانەنشینی ولەگەلّ رەچاوکردنی لێهاتویی و پایە(المنصب) دا روتبەیەکی زیادەشیان دەدرێتێ بە مەرجی لە(لیوا)تێپەر نەکا،

**ماددەی سێیەم:**
ئەو ئەفسەرانەی لە دوای رێکەوتنامەی ١١/ ئاذار/ ١٩٧٠ وە بەشداری شۆڕشی چەکدارانەی کوردیان کردوە ولە سالّی(١٩٧٥)و دواتریدا خانەنشین کراون یاگوزراونەتەوە بۆ وەزیفەیەکی مەدەنی دەگێردرێنەوە بۆ خزمەتکردن لەوزارەتی کاروباری پێشمەرگەدا وئەو خزمەتەی دەرەوەی سوپایان بە خزمەتی فیعلی دادەنرێ بۆ مەبەستی زیادەی سالانەو پلە بەرزی وخانەنشینی لەگەلّ رەچاوکردنی لێهاتووی

وپایەدا بەمەرجێ روتبەشیان لەلیوا تێپەر نەکا.

**ماددەی چوارەم:**

لیژنەیەکی تایبەتکار لەبارەگای وەزارەتی پێشمەرگە پێکدەهێنرێ بۆ جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە ودانانی چەند پێوانەیەکی دیاریکراو بۆ بەردەوام بوونی ئەفسەرە گێردراوەکان لەخزمەتی عەسکەریدا یاگواستنەوەیان بۆ وەزیفەکی مەدەنی یاخانشین کردنیان.

**ماددەی پێنجەم:**

حوکمەکانی ئەم یاسایە ئەو ئەفسەرانە ناگرێتەوە کەلە ئەنجامەکانی شۆڕش لایانداوە وهاریکاریان لەگەڵ دوژمنانی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردستانی کردوە.

**ماددەی حەوتەم:**

ئەم یاسایە لە رۆژی بلاوکردنەوەیەوە لە رۆژنامەی رەسمیدا جێبەجێ دەکرێ وتەنیا بۆ ماوەی سێ مانگ کاری پێدەکرێ.

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**